# لەنێوان پڕلەمان و حەوزەدا کامیان مەڕجەعی قەرار دەبن

بەوپێیەی دنیای ئەمڕۆ خۆی بەدنیایەکی مۆدێرن وئینسانی ودیموکراسی پێناسەدەکات، یەکێك لەسیماکانی دنیای دیموکراسی ئەمڕۆ، توانای بەژداریکردنی هاووڵاتیە لە داڕشتنی چارەنوسی خۆیدا. کەدواجار لەشێوەی هەڵبژاردن وپێك هێنانی پەڕلەمان و حکومەتدا واتە لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتی تەشریعی وتەنفیزی وقەزائی خۆی دەنوێنێت. کە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ئاڕاستە و بەڕێوەدەبات .پەڕلەمانیش کە ئەرکی داڕشتن ودروست کردنی بڕیارە.بۆخۆی لەکۆمەڵێك پنت وخاڵو کورسی بەتاڵ پێکهاتووە. ئەو کورسیانەش کە تەرخانە بۆ ئەوکەسانەی کەدەنگی هاووڵاتی بەهەر سەبەبێك بێت ،مەعقول یان غەیر مەعقول، تکتی چوونە ژوورەوەیان بۆ ئەو هۆڵە وپڕکردنەوەی کورسیە بەتاڵەکان دەداتێ. لێرەدا بەدرێژای چەند ساڵێك بڕیار لەسەر چارەنوسی وولات دەدرێت، پلانی ئابوری سیاسی کۆمەڵایەتی دادەڕێژرێت و پەسەندەکرێت. دەنگی کاریگەریش دەنگی ئەو کەسەیە کەلەناو هۆڵەکەدایە نەك هاووڵاتی، هەرچەندە ئەم نیزامە بۆخۆی هەڵگری کۆمەڵێك ئیشکالیەتی داخلیە، خاڵی نیە لەناکۆکی، کەوای کردوە نەتوانێت وەك نیزامێکی نمونەی بژی. بۆ نمونە زۆربەی کات مافی کەمینە پێشێل دەکرێت لەلایەن زۆرینەوە، هەر لەڕێگای گەمەی دیموکراسی و هەڵبژاردنەوە زۆربەی حزب وکەسە تۆتالیتار ودیکتاتۆرەکان دەگەنە لوتکەی دەسەڵات . دەستەیەك لەجیاتی سەرجەم کۆمەڵگا بڕیار دەدەن ،هەر خۆشیان دواجار بڕیارەکان تەسدیق و تەنفیز دەکەن ،هەرناڕەزاییەکیش هەبێت پارێزەرانی دەسەڵات و پیاوانی پۆلیس و ئاسایش بەتوندی ڕوبەڕوی دەبنەوە . هاووڵاتی لەماوەی بۆنمونە چوارساڵدا تەنها یەك جار ئازادانە فرسەتی هەڵبژاردنی پێدەدرێت ،بەڵام ئەوکەسەی کەهەڵدەبژێرێت هەموو ڕۆژێك بڕیارلەسەر چارەنوسی وولاتێك دەدات، ئەگەر حزبێك یان کەسێك لەدوای هەڵبژاردن بەڵێنەکانی نەسەلماند، ئەوا زۆربەئاسانی دەتوانێ تاکاتی یاسای ئەگەر زیاتر نەڕوات درێژە بەژیانی سیاسی و دەسەڵات بدات لەسەر کۆمەڵگا، توندترین ئیجرائاتێك کەروبەڕوی ببێتەوە ئەوەیە شانسی دووبارە هەڵبژاردنەوەی پێنەبڕێتەوە. ئەمە لەباشترین حاڵەتیدا. زۆرن ئیشکالیەتەکانی ئەم نیزامە بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەتوانین بەنیزامێکی باشتر لەنیزامەکانی تر لەقەڵەمی بدەین، لەگەڵ ئەوەی خاڵی نیە لەئیشکالیەت .ئێستا بەورد بونەوە لەهەڵبژاردنەکانی عێراق، دەبینین زۆرینەی پەڕلەمانی عێراق شیعەیە، شیعەبوونیش خۆی لەخۆیدا هەڵگری کۆمەڵێك دەلالەتە، لەسەرو هەموویانەوە شیعەبوون تەسنیفێکە لەبەرامبەر دەرەوەی خۆیدا، کە تەسنیفێکی دینی سرفە. دینیش بۆخۆی نیزامێکی کۆمەڵایەتی سیاسی ئابوری شمولیە ،ئایە تاچەندە ئەم ئەگەرە لەئاسۆی ئەم هێزەدا دەبینرێت، لەکاتێکدا کۆی باڵو تەیارەجیاوازەکانی شیعە لەژێر یەك لیست و بەرنامەی سیاسیدا بەپاڵپشتی حەوزە وڕابەرەکانی داغڵی هەڵبژاردن بوون، بەڕەغمی هەموو خلافاتیان ،وەبەژداری کردنیشیان لەدەنگدان و بایکۆت نەکردنی هاوڵاتیانی شیعە بۆ هەڵبژاردن هەربەفتوای ئیمامەکانی نەجەف بوو. لەکاتێکدا دیموکراسی لەکورت ترین پێناسەیدا بریتیە لەپێکەوەژیانی ڕەنگە جیاوازەکان ،ئەوا شمولیەت بریتیە لە بۆیاخ کردنی دنیا بەیەك تاکە ڕەنگ ولەخاچدانی ڕەنگە جیاوازەکان .کەواتە ئەم دوانە لەواقعدا جیاوازن .. ئێستا ئەگەر بزوتنەوەی شیعە زۆرینەی لەپەڕلەمانی عێراقە، زۆرینەش لەنیزامی دیمکراسیدا ئەگەری سەرکوتنی هەمیشە بەرزە، شیعەش بۆخۆی هەڵگری دنیا بینیەکی شمولیە. ئایە ئەم دوانە پێکەوە گونجانیان تاکوێ دەڕوات. ئایە بزووتنەوەی دینی لەعێراقدا بەتایبەتی شیعە بەم ڕەوتەی ئێستا گرتویەتیە بەر ڕێدەکات، یان بەگۆڕانی بارو دۆخەکە دەچێتەوە سەر ئەسڵەکەی خۆی .ئایە ئەم ڕۆیشتنەی شیعە لەگەڵبارو دۆخەکەدا تاچەندە تاکتیکیە، وەتاچەندەش ستراتیژیە،ئایە ئەمە تەنها تاکتیکی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی نیە .بۆئەوەنیە ئەمریکا مل بەبەژداری کردنی ئەمان بدات لەدەسەڵاتی سیاسیدا .جگەلەوەی دەزانن کەزۆرینەی دەنگەکان دەبەنەوە وهێزی پێویستیان دەبێت بۆ پێکهێنانی دەسەڵات .ئەگەر زۆرینەی پەڕلەمانی عێراق شیعەیە، شیعەش پابەندی حەوزەکانیانن، ئایە ئایندەی عێراق لەنێوان پەڕلەمان وحوزەدا کامیان مەڕجەعی قەرار دەبن. واقعی حاڵی بزووتنەوە دینیەکان بەشێوەیەکە کە لەهەرشیوێنێك گەشەیان کردبێت ،یان گەشتبنە دەسەڵاتی سیاسی، نەیان توانیوە لەگەڵ دنیای مۆدێرندا هەڵبکەن،وەهیچ ئیزافەیەك بکەن بۆئەو حاڵەی کۆمەڵگای تێدایە، بەپێچەوانەوە ئەوەشی کەپێشتر بەدەست هاتوە ئەمان لەگۆمەڵگایان سەندۆتەوە. بۆیە هەمیشە هەڕەشەبوون بۆسەر دنیای مۆدێرن وژیانی مەدەنی .لێرەدا دەتوانین ئەوڕاستیە بسەلمێنین کە بزووتنەوەی دینی ودنیای مۆدێرن دوو دنیای جیاواز وێنادەکەن،بەشێوەیەك بزووتنەوە دینیەکان توانای تێپەڕاندنی سنورەکانی دنیابینی کۆنیان نیە ،مۆدێرنەش توانای گەڕانەوەی نیە بۆ دواوە.بەخوێندنەوەیەکی خێرا بۆهەریەك لەم دوو دنیایەی

ژیانی سیاسی عێراق، دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە .بزووتنەوەی ئاینی شەرعیەتی خۆی لە دینەوە وەرگرتوە ،دینیش گوتارێکی ئیلاهیە ،گوتاری ئیلاهیش ،گوتارێکی ڕەهایە .کەواتە تەواوی سەرچاوەکانی زانست ومەعریفە ویاسا وسەرجەم تەشریعاتەکان خوداو تێکستەکانیەتی .لێرەوە بۆهەر شتێك پێناسەیەکی موسبەق و موسبەت هەیە ،کەسەرچاوەکەی لەئاسمانە. دەکرێت وەك حەقیقەتی تەواو تەماشا بکرێت .ئەم حەقیقەتە ئەزموون ناکرێت ،خاڵیە لەکات وشوێن یان لەدەرەوەی زەمەن وشوێنەوە کار دەکات، وەبێخەوشە، وهیچ ئیشکالیەتێکی نیە .واتە لەدەرەوەی سنوری عەقڵی مرۆڤە ،عەقڵی مرۆڤ زۆر لەوە لاوازترە دەرك بەم حەقیقەتە بکات و تێی بگات .هەرداهێنان وهەوڵێکی مرۆڤیش لەم پێناوەدا،چەندە پاڵپشتی زانستی ومەنتقی هەبێت ،دواجار دەچێتە خانەی بدعەوە .دەبێت وەك زانستێکی ناتەواو وەنسبی سەیر بکرێت ،کەپابەندی زەمەنێکی دیاری کراوە لەجوغزێکی مێژوویدا،وەگرێدراوی شوێنێکی تایبەتیشە.واتە وەك بەشێك لەمەعریفەی ڕەها .نەك وەك مەعریفەیەکی تەواو ،چونکە ئەگەر مرۆڤ خۆی ڕەها نەبێت ،چۆن دەتوانێت کارێکی ڕەهابەئەنجام بگەیەنێت .لێرەوە هەر هەوڵێك بۆپێناسەکردنەوەو کەشف کردن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی چوار چێوەیەکی نوێ، لەبەر ڕۆشنای ڕوداو دۆزینەوە نوێیەکان ،خۆی لەخۆیدا دەرچونە لەو پێناسە ڕەهایە،وەکردنیەتی بەشتێکی بەرهەمی عەقڵی ولێك دانەوەی مرۆڤ لەچوارچێوەیەکی مێژوویدا .لەم گوتارە دینیەدا واقع واقعێکی دیاریکراو سەپێنراوە ،مێژوو هیچ نیە جگە لەڕەوتێکی پێش وەخت ڕەنگ ڕێژکراو .وەسەرجەم خەسڵەتەکانی لەلایەن هێزێکی میتافیزیکیەوە دەست نیشان و دیاریکراوە.مرۆڤ هیچ کاتێك ناتوانێت بیگۆڕێت ورێ لەڕودان و ڕونەدانی هیچ ڕوداوێکی ناو مێژوو بگرێت .بەم مەعنایە مرۆڤ چاوەڕێی چارەنوسێکی نادیارە. حزبە دینیەکان کاتێك خۆیان بەم ئایدۆلۆژیایە بارگاوی دەکەن ،کاتێك دین دەکەنە سەرمایەی سیاسی خۆیان ،ئاگایانەبێت یان نائاگایانە ڕاستەوخۆ دەبنە نوێنەری ئەم دنیابینیە،هەوڵی بەواقعی کردنی دەدەن ،ئەتمۆسفیرێکی کۆمەڵایەتی بۆ درووست دەکەن .کەسی دینی کەسێکی ئەپۆلۆجستە ،شەرعیەت دەدات بەو بارە نالەبارەی کەمرۆڤی تێدایە ، مرۆڤ لەسەریەتی سوپاسگوزاربێت تاخوداوەند بەرەو خراپتری نەبات ،وەکۆتای بەدنیای بەدنیابهێنێت. دواجار مرۆڤ توانای دەرچون و ڕەتکردنەوەی واقعی نیە ،چونکە هیچ دەورێکی نیە لەدروستکردن و بیناکدنیدا.. بەدیوێکی تردا .حزب کەخۆی بەرهەمی مۆدێرنەیە، دنیابینی مۆدێرنەش جیاوازە لەگەڵ دنیابینی دینیدا ،دووتەفسیری جیاواز دەدەنە دنیا ،ئەگەر لەچاوی مۆدێرنەوە سەیری دنیا بکەین .مۆدێرنە بۆ خۆی جیابونەوەی بابەتە(ئۆبێکت)ە ،لە خود(سۆبێکت). بەدەرکەوتنی مۆدێرنە ،خوود سەربەخۆی خۆی وەردەگرێت ،دەبێت بەجەوهەری جیهان وعەقڵیش بەڕابەری ئەم جیهانە .مۆدێرنە کۆی لێکدانەوەکانی داگرتە سەرزەوی ،مرۆڤ لەجیاتی ئاسمان چیتر سەیری ڕێسمان دەکات .لێکدانەوەیەکی ئاسۆی دایە دنیا .کەپێچەوانە و جیاوازبوو لەو تەفسیرە میتافیزیکیە شاقوڵیە ئۆبێکتیەی پێشتر ،بۆیەئەم دوانە لەخاڵێکدا یەك دەبڕن و دەکەونە بەرامبەر بەیەك، چونکە هەریەك لەم دوانە وێنایەکی دژوو جیاواز نیشان دەدات بۆ جیهان ،چارەنوسیشی دەداتە دەست کەسێك،مۆدێرنە چارەنوسی مرۆڤ ودنیا پابەندی هەڵسوکەوت و هەڵبژاردنی مرۆڤ دەکات ،هەرخۆشی بەبەرپرسیار دەزانێت لەوەی کەڕودەدات، ئەوەش کەڕودەدات لەجوغزێکی مێژوویدا ڕودەدات ،کەپابەندی کات وشوێنە ،مێژووش یاسای سروشتی و داڕێژراوی نیە ،دینامیکیەتی مێژوو لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە کە خەڵك بڕیاری لەسەردەدەن. وەهەڵی دەبژێرن ،مادام مرۆڤ هەڵدەبژێرێت ،کەواتە زیاد لەخیارێکی لەبەردەمدایە ،کەواتەئازادە لەوەی کەهەڵی دەبژێرێت ،کواتە بەرپرسیارە بەرامبەر بەوشتانەی کە هەڵیان دەبژێرێت. بەرامبەر بەوشتانەی ئەنجامیان دەدات. بەڵام دین سەرجەمی دەکاتە کارێکی ئیلاهی،مرۆڤیش هیچ ئیختیارێکی نیە ،هەمیشەش مرۆڤ بەبەرپرسیار دەکات لەخراپەکان، چونکە بەهۆی دەرچونی ئەو لەفەرمانەکانی خودا ،ئەوا خداوەند تورەدەبێت ودننیا دەشێوێنێت .بەڵام ئەگەر دنیا ڕاست ڕەوتیکرد، ئەوە موحیبەت ولێبوردنی خودایە لەبەرامبەر خراپەکانی ئادەمیزاددا. مۆدێرنە لەبنەڕەتەوە لەسەر بناغەی عەقڵ دامەزراوە ،ئەم بناغەیەش بەرەو ئەوەی برد باوەڕی ڕەها بەعەقڵی مرۆڤ بهێنێت .مرۆڤ لەجێگای یەزدان دابنیشێت، وەبێت بەسەنتەری لێکدانەوەکان ،بۆ یەکەم جار بەدەرکەوتنی مۆدێرنە خوداوەند دەکرێتە قەفەزی ئیتیهامەوە وەدادگای دەکرێت لەلایەن مرۆڤەوە .عەقڵی مرۆڤیش پشت بەزانست دەبەستێت ،زانستیش تادێت فراوانتر ڕادەخرێت. زانست کۆمەڵێك ووشیاری پێکدە هێنێت، کەواقع هەروەك هەیە وەها نیشاندەداتەوە ,زانست پشت بەئەزموون دەبەستێت بۆسەلماندنی ،واتە زانست هەڵگری بەهایەکی ڕاست یان ناڕاستە. لەبەرامبەریدا ئایدۆلۆژیاش پشت بەباوەڕدەبەستێت،کەهەڵگری بەهایەکی بەهێزیان لاوازە, واتە یان باوەڕت بەم ئایدۆلۆژیایە یەقینەو بەهێزە, یان گومانی لێدەکەیت وباوەڕت پێی لاوازە .ئایدۆلۆژیا ڕێگەش بەهیچ ئەزمونێك نادات .بەم شێوەیە زانست و ئایدۆلۆژیا ،مۆدێرنە ودین،دەکەونە بەرامبەر بەیەك. پرسیارەکە ئەوەیە حزب کەبەرهەمی مۆدێرنەیە، مۆدێرنەش هەڵگری تەفسیرێکی ئاسۆییە،

کەجیاوازە لەو تەفسیرە شاقوڵیە دینیە ئەم دوانەش لەبنەڕەتەوە جیاوازو مخالفن بەیەك ،کەواتە پەیوەندی حزب ودین چۆنەوچیە؟. دین بکەرێکی کۆمەڵایەتی هەڵگریەتی کەمرۆڤە .مرۆڤیش لەچرکە ساتە جۆراو جۆرەکانی مێژوودا پێداویستیو کێشەی جیاوازی هەیە، کەواتە بەردەوام وەڵامی جیاوازی دەوێت ،وەئەنجامی جیاوازیشی دەست دەکەوێت .دین بۆخۆی وەڵامی چرکەساتێکی مێژووی کاریگەرە ناتوانرێت بەهەمان کاریگەری درێژ بکرێتەوە ،بۆکاتە مێژووییە جیاوازەکان. ئەگەر درێژکرایەوە دەبێت بەدۆگم . بەشێك لەدین وەك دۆگما درێژە بەژیانی خۆی دەدات ،بەشێکیشی هەمیشە لەژێر جەبری ڕەوتە مێژووییەکەدابووە. دابڕاو نەبووە لەکاریگەری ئەو چوارچێوە مێژووییەی کەتیایداژیاوە , هەرکاتێك ناکۆکیەکی لەگەڵ دنیای واقعدا بۆدروست بوبێت ،زانیبێتی هێزی خۆی لەدەست دەدات ،پاش ململانەیەکی سەخت ناچاربووە خۆی ڕیفۆرم بکات ،تاکار گەشتۆتە ئەوەی لەشێوەی مەزهەبێکی نوێدا, یان دینێکی تازەدا خۆی مانیڤێستەبکات. لێرەشەوە باقی ئەو بزووتنەوە دینیانەی درست بوون نوێنەری یەکێك لەم دوو ڕەوتەبوون .بەڵام ئەو بزوتنەوانەی دنیای ئێمە بەخۆیەوە بینیویەتی بەگشتی نوێنەری بەشەدۆگماکەی دین بوون. ئەم ئەحزابانەش دنیا بینیان بەشێوەیەکە ،کە ساتەوەختێکی نمونەی زێڕین ی لەناو مێژوودا هەیە ،دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆی .وەهەرگیز بۆپێشەوە ناڕوانێت ،بەڵکە چاوی لەوساتە مێژووییەیە . پەیوەندیەکی باوك و فەرزەنی دامەزراندوە لەگەڵ ڕابردوودا, ئەم کوڕی ئەوساتە جەوهەریەیە لەمێژوودا .بەبێ ئەو ناژی ،ئێستا بەڕۆژگاری بەد وهەرەس ودوورکەوتنەوە لەوساتە مێژووییە مەزنە دەزانێت. بۆیە هەمیشە لەخەمی گێڕانەوەیدایە ،دەیەوێت واقعی ئێستا بگۆڕێتەوە بەڕابردوو. ئەم ئەحزابە کە لەجەوهەریدا هەڵگری پرۆژەیەکی سیاسیە، لە هەر سەردەمێکدا کاربکات ،خەیاڵ و ئاڕاستەی بەرەو ڕابردوە. هەمیشە لەسەرئەوە کاردەکات،کەئێستا بەڕابردوویەکی مەزن بەراوردو قیاس بکات. سەرجەم ئەو میتۆدو زانیاری و کەرەستە مەعریفیانەی بۆ  تەفسیرکردن وتێگیشتن لە دنیاو واقع پێویستن ،سەرچاوەکەی لەو دنیا ڕابردوەدا دەبینێتەوە. بۆیە لەدیدی ئەم حزبە سەلەفیانەوە دەبینین، پێشکەوتن و گەشەسەندن بریتیە لەنوێکردنەوە و زیندوکردنەوەی شتە کۆنەکان .هەمیشە وائیدعادەکەن کەحوکمی ئیلاهی دەچەسپێنن،دنیایەکی خاڵی لەناکۆکی ودژایەتی دروست دەکەن ،یۆتۆپیایەك هەیە لە ئاسۆی ئەمانەدا .هەمیشەئیدعای دروست کرنی بەهەشتێکی خەیاڵی لای ئەم ئەحزابە ،جەهەنەمێکی واقعی دروست کردوە .لەهەرجێگایەك دەسەڵاتی سیاسیان کەوتبێتە دەست سەرجەم کۆمەڵگایان بەرەو مەحرومیەت بردووە. مۆدێرنێتە جۆرە کۆمەڵگایەکە، لەسەر بەدنیایی کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی دامەزراوە .وەبەهادان بەئەقڵانی بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی کاردەکات. ڕاسیۆنالیسم جێگایەکی بەرزی هەیەلەدنیای مۆدێرندا. هاوکات لەگەڵ بڕوای بە سڕینەوەی وردەوردەی مەسەلە کۆمەڵایەتی و کلتوری ونەریتی و ترادسیۆنی و مەزهەبیەکان، لەبەرژەوەندی دنیای کاریگەری تەکنیکدا .دامەزراندنی کلتورێکی نوێ لەجێگای ستراکتورە کۆنەکە .بەم پێیە کاتێك مۆدێرنە دێتە دنیای ئێمەوە لەگەڵ خۆی پڕۆژەی ئیلغا کردنەوەی تەوای ئەو پڕۆسە سیاسی وشارستانی و زانستیەی هەڵگرتوە کە ئێمەی تێدادەژین .لێرەوە هێزی گومان جێگای هێزی ئیمان داگیردەکات, تەواوی بونمان بەشێوەیەك لەشێوەکان دەخاتە ژێر هەڕەشەی گومانەوە .تەواوی ئەو بەڵگە نەویستانە دەپشکنێت کەپایەکانی جیهان بینی و ڕۆشنبیری وئاکاری ئێمە ی لەسەر بینا کراوە .سەرەتای سەدەی بیستەم ڕۆژگاری لەبەریەکدی هەڵوەشاندنەوەی ئەو چوارچێوە دینی وسیاسی وکلتوری وئەنتیە گشتیە بوو, کە هێڵە گشتیەکانی شوناسی ئێمەی دەست نیشان دەکرد. بە دامەزراندنی ئۆرگانە مۆدێرنەکان ،سەرجەم کۆمەڵگاش لەبەردەم گۆڕانێکی جەزریدایە،دەکەوێتە ژێر جەبری گۆڕان وتێك چونێکی لەناکاو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەپیاوانی ئاینی بسەندرێتەوە ،وەببەخشرێتە کەسانی سیاسی ،ڕۆشنبیر جێگای واعیزە دینیەکان لەپێشڕەوی کردنی کۆمەڵگادا داگیربکات ،ئیمان دەگۆڕێت بۆ هێزێکی گومانکار ،حەقیقەت دەبێتە حەقیقەتێکی مادی ومیتاڵی ،ڕۆحانیەت دەگۆڕێت بۆ هێزێکی متەداول ،بەدەست کەوتنیشی تەنها لەڕێگای کارەوە مەیسەر دەبێت .ئەو هێزە ئەفسوناویە جێگای سەرجەم غەیبانیەتی دینی دەگرێتەوە . پارە هەمان هێزی ڕزگاری بەخشی دینی وەردەگرێت. هێزی زەبەلاحی تەکنیك دەبێتە ڕیتواڵی دینی ،حەقیقەت لەت لەت دەبێت .پەروەردەی مۆدێرن جێگای پەروەردەی دینی دەگرێتەوە .بەگشتی دنیای ئێمە دەکەوێتە ژێر جەبری کۆمەڵێك نرخاندنی نوێوە ،کەتەواو جیاوازە لەپێش خۆی ،بەکورتی سەرەتای قۆناغێکی نوێیە.هەموو ئەمانە لەبەرامبەر بەرگریەکی کەمدا سەری هەڵدا، لەبەرئەوەی ئەوهێزەی کە بەرپرسیاری پاراستنی ئەو بەهایانە بوو،لەوپەڕی لاوازیدا بوو، هێزی کەم بوو،تەکنیکی جەنگ و بەرگری نزم بوو، لەلێواری ئاڵوگۆڕدا بوو،لەدەرەوە توشی جەنگ بوبوو. بەتایبەت لەبەشە ئەوروپیەکەی ژێر دەسەڵاتیدا، لەناوخۆشدا لاوازبوبوو، دەوڵەتی عوسمانی هەرزوو خۆی بەدەستەوەدا وتێك شکا. لەگەڵ خۆی دنیای خۆشی پێچایەوە ،بۆیە پیاوانی ئاینی ڕقێکی ئەستوریان لەبەرامبەر بەمۆدێرنە و بەهاکانیدا هەیە ،هەمیشە بەسەرچاوەی خراپە وبەدی

کۆمەڵگای لەقەڵەم دەدەن. وەبەسەرچاوەی شکستی مێژووی ئیسلامی دەبینن. ئەم دنیا بینیە نوێیە هێزگەلێکی نوێی لەگەڵ خۆی هێنا، تادنیا و وێنای نوێ ببەخشێتە جیهان. کەواتە هێزی کۆمەڵایەتی وسیاسی نوێ هاتە ئاراوە ،بزووتنەوەی ئاینی وەك ڕەدفعل, وەك هێزێکی بەرگریکەر,وەك جێگرەوەی ئەو هێزە پارێزەرەی کەلە ناو چووبوو. وەك هەڵگری ئەو پەیامە، هەربەزووی سەری هەڵدا ، چەند ساڵێکی کەم دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی،لەساڵی 1928 یەکەم حزبی سیاسی ئیسلامی فەندەمینتالیزم لەمیسر سەری هەڵدا. ئەم هێزە نوێیە کەبەرهەمی ئەو ساتەیە ،کەسەردەمی هەرەسی فۆڕمە دێرینەکانی حوکم وجێگیر بوونی دیدێکی نوێیە,بۆ دەوڵەت وکۆمەڵگا و جیهان . ئەوساتەی سەرچاوەی جیاوازو کارەکتەری جیاوازی هێنایە بوون .تەواوی وێنا وجیهانبینی ئێمەی گۆڕی. بەشێوەیەك, ئەدەب ،هونەر، شعر، تەلارسازی ،ئەرك ومافەکانی فەرد،ئابوری ،سیاسی، کلتوری،پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، فەلسەفە،شوناس، ئاسۆی بیرکردنەوە، تەواوی ستراکتوری کۆمەڵایەتی, لەبەردەم لێك ترازان وهەڵوەشانەوەدا بوو. وەجێگای خۆیدا بەدیدێکی نوێ. ئامانجی ئەم هێزە و تەواوی کۆششی بۆ تێکەڵکردن و گرێدانەوەی خودە بەباتبەتەوە .کە مۆدێرنە لێکی جودا کردبوونەوە .کەلەڕستیدا لێکی دانەبڕیبوون ،بەڵکە ستایلێکی نوێی پێبەخشی وکردیە کارێکی فەردی ،واتە پەیوەندی نێوان تاك وموتەعالی کردە کارێکی پەیوەست بەویست وئیرادەی زاتی تاك. مۆدێرنە تەنها ڕوخسارە شمولیە کەی لابرد. وەهێشتاش دین بەهەموو فۆڕمە جیاوازەکانیەوە بەشێکی جەوهەری ناو دنیای ئێمە بەتایبەتی, و بەگشتیش دنیای مۆدێرنە پێك دەهێنێت. ڕەنگە هەرئەمەش بێت خاڵە لاوازەکەی مۆدێرنە, کەنەی توانیوە خۆی لێ ڕزگاربکات. ئەم هێزە ئامادە نیە هیچ ئەڵتەرناتیڤێك قبوڵ بکات ، بەرگریش لەبەرامبەر هەموو کۆششێکدا دەکات کەلەدەرەوەی خۆی سەرهەڵدەدات، باوەڕی بەگەشەی تەکنیکی و ڕاسیۆناڵیتی خۆرئاوا نیە ،جگە لەوەی دینامیکیەتی مێژوو ڕەت دەکاتەوە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کەتەکنیك وزانستی ڕۆژئاوا مانای ئاکاریی و ویژدانی خۆی لەدەست داوە . ئەم خاڵە زۆر گرنگە بۆ ئەحزابی سوونەتی ، چونکە زانست و ئاکار لای ئەمان لەبەرامبەر بەیەك دەوەستنەوە .بەجۆرێك ئاکار پشت بەئیمان دەبەستێت ،ئیمانیش لەدیندا خاڵی پەیوەندیە لە نێوان سۆبێکت وئۆبێکتدا ،وەسەنتەری دینە .ئەم ئیمانەش لەسەر هەندێك بەڵگەنەویست بینا کراوە. کەزانست و دۆزینەوە نوێیەکان تادێت پایەکانی دادەخۆن، ئەمەش دەبێتە هۆی لەق بوونی ئیمان ، چونکە ئیمان لەبنەڕەتدا پشت بەیەقین دەبەستێت ،یەقینیش خاڵیە لەگومان و ئەزموون ناکرێت ، لەبەرامبەریشدا زانست پشت بە ئەزموون دەبەستێت. هەمیشە لەگەشە و گۆڕاندایە وەخاڵیە لەیەقین. ئیللا لەڕێگای ئەزموونەوە نەبێت. بۆیە ئەم جەرەیانە هەڵگری ڕقێکی ناوەکیە, کەڕیشەی لەساتی یەکەمی هاتنی تازەگەریەوە بۆ مەملەکەتی ئەم دەست پێدەکات .هەرکات بارودۆخ گونجاوبوو ،ئەم ئەوشەڕە بەرامبەر تازەگەری بەرپادەکات ، کەدەبووئەوکات بیکات .وەتەواوی ئەو دنیایەی کەئەم تازەگەریە دروستی کردوە لەخاچ دەدات....... ئێستایش بزوتنەوەی شیعەگەری گەشتۆتە لوتکەی دەسەڵات لەعێراقدا ،ئایە کاریگەری ئێران چەندە لەسەر شیعەی عێراق ،یان مۆدێلی ئێران ئەو نمونە باڵایەنیە بۆشیعەی عێراق ،ئایە ئەم هێزە لەجیاتی ئەوەی بمانگەیەنێتە ڕزگاری و فەراهەم بوونی ژیان ،ڕامان ناکێشێتە ژێر خۆبەدەستەوەدان لەبەرامبەر ئایدۆلۆژیا و سەپاندنی بیروڕای خۆی . هەروەك ئەوەی لەئێران ڕوویدا .پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی 1979دا ، پاش دروست بونی جمهوری ئیسلامی ،سەرجەم بزووتنەوەو تەییارە جیاوازەکانی دایەبەر نێزە ،سەرەتاش لەبزوتنەوە چەپەکانەوە دەستی پێکرد, پاشان تەواوی مخالفینی جمهوری ئیسلامی ئێرانی گرتەوە .ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە هەرکات ئەم بزوتنەوەیە جێپێی خۆی قایمکرد ، دنیایەکی یەك ڕەنگی شمولی بەزەبری هێز دەنەخشێنێت .پاش ئەم شۆڕشە جەرەیاناتی ئوسوڵی دینی لەدنیادا, پاڵپشتێکی بەهێزی بۆ پەیدا دەبێت . سەرجەم ئەو بزووتنەوە شیعانەی لەدنیادا بونیان هەبوو .جمهوری ئیسلامی بۆیان بوبە سەرچاوەی مادیو تاحەدێکیش لۆجستی .یان کەوتنە ژێر کاریگەری مۆدێلی ئێرانەوە .پاش نەمانی بلۆکی شەڕق و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی، فەندەمینتالیزمی ئیسلامی بەتایبەت تەیارە سونەکەی ،ویستی ئەو قوتبەبێت لەبەرامبەر بەغەرب ،وەك نوێنەری شەڕق خۆی ئیبراز کرد، بۆئەم مەبەستەش هەم کەرەستەی ئایدۆلۆژی پێویستی هەبوو،بۆدروست کردنی پیشەسازی فەندەمینتالیستی ،هەم هەڵگری ڕقێکی ئەستوریش بوو،لەبەرامبەر هەریەك دنیای نوێ و نوێنەرەکانی وە مۆدێرنە و ڕۆژئاواش .وەبۆ هێزێك دەگەڕا ئەم وەزیفەیەی پێببەخشێت .ئەمە وایکرد فابریکەی ئەم بزووتنەوەیە دەست بەکار بکات .ئەوەی لە ئێران و جەزائیر وئەڤغانستان و عێراق بینیمان ، بەرهەمی ئەم کارگەیەبوو. ئێستا ئایە حەوزەکانی شیعە تاچەند دەوریان لەداڕشتنی بڕیاری سیاسیدا دەبێت ،کەسایەتیە سیاسیە شیعەکانی ناو دەسەڵات, تاچەندە پابەندی حەوزەکانیان دەبن ،ئەگەر پابەند بوون ،ئەوکات دوور لە مەڕجەعەکانیان ناتوانن بڕیا بدەن ،ئایە ئەوکاتە جیاوازی چیە لەنێوان سەرۆکی حکومەت وڕابەری حەوزەدا. پیاوەسیاسیەکانی شیعە ،شیعەبونیان وەك ئایدۆلۆژیا وەك سەرچاوەی ئیلهام وبیر

کردنەوەی خۆیان پێ قبوڵە وخۆیان بەنوێنەری دەزانن. کەسی ئایدۆلۆژیش هەمیشە لەخەمی ئەوەدایە تاچەندە ڕەزامەندی مەڕجەعەکەی بەدەست هێناوە ، وەهەمیشە لەکورت کردنەوە و پێوانە کردنی بعدی نێوان مریدو مەڕجەعدایە ، لەخەمی دوروو نزیکیدایە لەمەڕجەعەکەیەوە . ئایە چۆن پیاوانی شیعە دەتوانن دور لە مەڕجەعەکانیان بڕیار بدەن ...

